# نێچیری هەفتە 12-4

عەلی مەحمود محەمەد

-دەسەلآتدارانی کوردستان 10 ساڵ داوامان لێیان کرد ئەنفال بکەن بە شەهید , دەیان ووت ئاخر کەس و کاریان چاوەڕێیانن گرانە ئێستا ئەم هەواڵە جەرگبڕەیان پێ ڕابگەیەنین , کەچی دڵنیان هات 14 ساڵە لە برسا ببیان کوژن .

– شوعییە عەرەبەکانی عێراق لەو بڕوایەدام نەك تەنها دەنگییان بە مام جەلال دا لە پەرلەمان , بەڵکە ئەو 96 دەنگەی کاك عارف تەیفوریش هێنایەوەو باوەڕ ناکەم 5 دەنگی ئیتلاف شیعەی هاوپەیمانی کوردی تێدا بوو بێت ,بەلآم دەنگی شوعییە عەرەب و کوردەکانی لەگەڵدا بوو . مام جەلالیش بە تەنها خۆی بپالآوتایە لیستی ئیتلاف هەر دەنگییان بۆی نەدەدایەوە , چونکە لای ئەوان حەرامە دەنگ جگە بە هاومەزهەب و هاوزمان و هاوباوەڕ بدەیت . کەچی شیوعییە عەرەبەکان وەك نوسییان و بەدەم لێیانم بیستەوە نیگەرانن لەوەی سەرۆك کۆماری نوێ لە ووتارەکەیدا ناوی شەهیدانی ئەوان و سەرۆك کەریم قاسمی نەهێناوە , ئیتر نازانین مام جەلال بۆ ناوییانی نەهێنا؟؟ , لەبیری چوو یان هاوپەیمانییەتی نوێ وا دەخوازێت؟؟؟ , ئەگەر شەهیدانییان یەك دوو دەو پەنجا هەزاریش بوایە دەمان ووت کەمەو دیار نییە , یاخود لایەنەکانی کە لە سەر خاکی کوردستان خوێنییان زیاتر ڕشتبێ یان نەك تەنها فیدراڵی ,بگرە لەوان داکۆکی کەر تربێ لە کوردستانی بوونی کەرکووك !!! .

– جاشەکانی سەردەمی بەعس دەنگۆی گەرم هەیە خانەنشین بکرێن , ماف خۆیانە خزمەتییان بە نیشتمان کردووە , خۆ لە زوەکەوە لە کوردستان سەربازی بە خزمەت دەژمێردرێت لە فەرمانگەکان , بەلآم پێشمەرگایەتی لایەنەکانی کە بە خیانەت . وەفا لە هەموو شوێنێك هەبێت باشە, 14 ساڵە دەسەلآتداران نانی ئەنفالە خۆن , تا ئێستاکەش ئەنفالەکان نانە ڕەقێکی ئەوانییان نمەك نەکرد , دەبێت ئەمڕۆ هەناسەی ناسۆری بۆ ئەو جاشانە هەڵکێشن کە ئازیزانییان شوێن بزر کرد , لە جیاتی دادگایی کردن , ئێستاش خانەنشین دەکرێن و خاوەندی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینن !!! , نازانم ئەمە لێبوردنی گشتی بوو کاتی خۆی دەرکرا یان تەسلیم بوونی سەرتاسەری ڕاپەڕین بوو بە جاشەکان ؟.

- وەرن وولآتێکم بۆ دەست نیشان بکەن بە ئەندازەی کوردستان پشوی تێدا بێت , ئەمەش ئەنجامی بێکاری حکومەتەکانی کوردستانە , لە وولآتان کرێکار بێکارە بێت لە کوردستان حکومەت , ئەگەر کورد بیزانییایە داهاتی نەتەوەیی چییەو , ڕۆڵی کات لە پێشخستنی وولآت چەندە گرنگە , تیمی توێژینەوەو پیشەسازی و تەکنەلۆژییای هەبوایە , لە جیاتی کلآشی پەڕۆین و دۆی سارد و پەنیری ئاکرێ کۆمپیوتەری بەرهەم بهێنایە , بیری لەوە ناکردەوە نیوەی ڕۆژەکانی ساڵ بکات بە پشوی ڕەسمی , هێشتا پشوی یادی بوون بە سەرۆك کۆمار و سەرۆك هەرێمیش ماوە بۆ ساڵی داهاتوو . لە سەروی پشووەکان خۆمانەوە ئەمساڵ پشووی عاشوراش لە کوردستان زیادیکرد , تەنها لە یادی هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانییەکان دەوام فولە !!! .

- ئەوەندە داوای دادگایی فایلدارەکان کرا , مەیلایەکەتەکانی حەوت تەبەقەی ئاسمان خەوییان لە چاو زڕا,نیوە ئەوە داوای لادانی ئالآی بەعس لەسەر مەزرگای شەهیدان نەکرا بە پەلە لادرا . فایلدارەکان نەك لەسەر کار لانەدران , بەڵکە پارتێکی

سیاسی فایلدارێکی لە شوێنێکەوە گواستەوە بۆ بەرپرسیارییەتییەکی بالآتر , بە ئەمری خواو قودرەتی قادر و ئیرادەی پیاوچاکان فایلدارێکی کە جێگەکەی گرتەوە , ئەو شوێنە بەس لە خۆیان دێت .

- چێشتخانەکان چەمچەماڵ مانییان گرت بۆ بەرز کردنەوەی نرخی خۆراك , ئێمەش دەمان ووت کرێکاران و زەحمەتکێشان یەکگرتوون , هەزار سالّی کەش ڕەنجدەرانی کوردستان بچەوسێنەوە باوەڕ ناکەم لەل بکەن. کرێکارانی کوردستان جاران چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتییان لەسەر بوو , ئێستا چەوساندنەوەی چینایەتی و مەسئولایەتی و تەسکییایەتی و حیزباتیشییان لەسەرە .

مشعان جبوری بە دەمی خۆی ووتی : من وەك نوێنەری بەعس و مقاوەمەو قاعیدە هەڵبژێردراوم بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق , هەرچەندە ترش بوو دەمی پێ نەگەیی , لە لەندەنیش نوێنەری کورد بوو , باشە خوای گەورە هاوارە دەبێت وەفیق و نزار خەزرەجی نوێنەری کێ بن ؟؟, ئەوانیش بێشك حەجاج و عەلی کیمییاوی . ماڵ بە خاوەندی یەکەمی نەکات حەرامزادەیە .

بەرپرسێکی بالآی پارتێکی دەسەلآتداری کوردستان لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە لە بەرواری 7-4 ی ئەمساڵ نووسی (عێراقی نوێ لەسەر کەفائەت و لێهاتویی دەبێت نەك تایەفەو نەتەوە ) , ئەگەر یەکێك لە مۆزەمبیقەوە ئەمە بخوێنێتەوە دەلێت سەدەقتو , بەلآم ئەوەی ئاگاداری مامەڵەی ئەم دوو مانگە بێت لەسەرکورسی دەسەلآتی عێراقی نوێ تاقەتی پێکەنینیشی نابێت .

–برادەرێك زۆر جار پێکەوە ڕەخنەی توندمتان لە دیکتاتۆرە بچوك و گەورەکانی کوردستان دەگرت , بەوەی ئامادە نین ئەوە قەبوڵ بکەن سکرتێر دوو خول زیاتر نابێت لەو شوێنە بمێنێت , کەچی لە پڕ هەواڵم پێ گەییشت بێ کۆنگرە خۆی بووە بە مەکتەبی سیاسی , پڕ بە دڵ پیرۆزبایی یاسا شکێنی لێدەکەم , هەرچەندە متمانەم پێی هەیە شایانی ئەو شوێنە بێت , بەلآم با بە پێبلیکانی پەیرەوی ناوخۆییا سەرکەوتایە , نەك یەکسەر بفرپایە بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان, دەترسم جەنابی دەستی لە کورسی گیر بێت نەك بەری نەدا بە قەپێکی گەرمیانییانە قوتیشی بدات !!!! .

–ڕەخنە دەگرترێت لەوەی خەڵك دەنگی خۆیانە فرۆشن , بابە دەنگ فرۆشتن چییە؟؟ , 14 ساڵە خەڵك لەم کوردستانە بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژییان وا زەلیل کراون نەك دەنگ , ناچارن جەستەش بفرۆشن.